www.kurdistannet.org
1-10-2006 6:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پێشێلکاریەکان لەکوردستان! ... زیاتر لە 2000 دوو هەزار قوتابی لەدەواجنی مریشک بەخێوکردندا وانە دەخوێنن ... نوری بەشیر

n. bashir3@ukonline. co. uk

وینەیەکی قوتابخانەی منالان



کۆتایی مانگی تەموز وەلامی خواستەکانی کریکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە بەتەقە بوو و کرێکاران خەڵتانی خوێن کران، لەمانگی ئابدا خۆپیشاندان زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە، بەهەمان شێوە بەتەقەو گرتن و راونان و زیندانی کردن وەلامی خواستەکانی ئاوو کارەباو سوتەمەنی خەڵك درایەوە، وە حکومەتەکەی یەکیتی و پارتی و بەتایبەتی دەسەلاتداریتی ناوچەکانی یەکیتی بەدوای تیپەربونی مانگێك بەسەر گرتن و راونان و زیندانی کردنی خۆپیشاندەراندا، ئیستا هەنگاو دەنی بۆ تۆڵەکردنەوە و ترساندنی بەشداربوانی خۆپیشاندانەکان بەموچە برینیان و ترساندنیان بەوەی لەکاتی دوبارەبونەوەدا سزای توندتر دەدرێن.

ئەم زیندان و کوشتارگایەی کەیەکیتی بەرێی خستوە بەدژی خەڵکی کوردستان لەتەقەکردن لەخۆپیشاندان و راونان و گرتن و زیندانی کردنی خەلك کەداوای خواستە سەرەتاییەکانی خۆیان دەکەن، شتێك نیە لەکاری بەعس ئاسا زیاتر، ئەوەبو بەعس تۆمەتی دژی دەولەت و سەرۆك و نیشتمانی و خیانەت کارو مخربی دەدانە پاڵ و بەلام حیزبە کوردیە دەسەلاتدارەکان دەوریك مایە پوچ بون لەتۆمەتی ئەوەی کەخۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی خەڵك دەستێکی لەپشتەوەیەو یان بەئاژاوەگێر ناوەزە دەکرێن، نارەیەزایەتیەکانی خەڵکی هەلەبجەو سوتانی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە پۆچی ئەو قسانەی حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی خستە لاوە، وەخەڵکی کوردستان خواست و داواکاریان هەیە لە ئەحزابی بۆرجوا ناسیونالیستی کوردی و بەسەرکوت و تەقەو راونان و زیندان و تۆمەت دروستکردن بۆیان پاشەکشە ناکەن، خەڵکی لەبەرامبەر دەسەلاتدارانێك وەستاونەتەوە کەهیچ خۆشخەیاڵی و خۆشباوەریەکیان پیان نیە کەسەرتاپا گەندەڵی دامودەزگاکانی گرتۆتەوە، هەر بەم هۆیەوە بەرامبەر هەموو ئەو هیرشانەی دەسەلاتداران و چاوسورکردنەوەو ترساندن، ئەوەتا نارەزایەتی هەر بەردەوامەو دەسەلاتدارانیش پێشێلکاری خۆیان دەکەن لەبەرامبەریاندا.

1- ئەنجومەنی سلیمانی بەدوای مانگێکدا لەخۆپیشاندانی خەلکی کوردستان بۆ ئاوو کارەباو سوتەمەنی و گرتن و زیندانی کردنی خۆپیشاندەران و ئازادکردنیان، بریاری بەسەر فەرمانگەکاندا داوە بۆ برینی موچەی ئەوکەسانەی کەلەخۆپیشاندانەکاندا بەشداریان کردوە، هەرەشەی ئەوەشیان کردوە لەحالەتی دوبارەبونەوەدا سزای توندتر دەدرین! هەواڵ بەیانی ریکخراوی کوردستانی حککع

2- پێنج رێکخراوی تەندروستی دەستیان داوەتە مانگرتن لەبەر سەرفنەکردنی دەرماڵەی (ختورە) و بریاریان داوە ئەگەر بۆیان سەرف نەکریت ئیدامە بدەن بەمانگرتنەکەیان. هەوال جەماوەر.

3- رۆژی 9/25 لەسەکۆی ئازادی شاری سلیمانی ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان و بەئامادەبونی ژمارەیەکی بەرچاو لەرۆژنامەنوسان هونەرمەندان لەدریژەی نارەزیەیاتیەکانیاندا کۆبونەوەیەکی تریان سازکرد، وە ئیمزایەکی زۆریان کۆکردوتەوە.. هەواڵ هاولاتی و گەنجان و ئاوینە

4- لەسەر بلاوکردنەوەی هەوالی خۆپیشاندان لەقەزای چۆمان لەنەبونی ئاووکارەبا، و بلاوبونەوەی هەواڵەکە رۆژی 9/19 /2006 هەریەك لە مستەفا محمەد و ئارام زرار بانگهێشتی دادگا

کراون و بەکەفالەتی 500000 پینج ێەد هەزار دینار ئازاد کراون، هەریەکە لەم دووکەسە سورن لەسەر راستی هەوالەکەیان. هەوال پ کەمال چۆمانی

5- رۆژی 9/23 تا 2006/9/27 فەرمانبەرانی پەروەردەی چەمچەماڵ بۆ خۆاستی موچەو دەرماڵە دەستیان دایە مانگرتن. هەوال گەنجان

6- مامۆستایان دژی هەلوەشاندنەوەی بەریوەبەریتی گشتی پەروەردەی هەلەبجەن و ئیمزا کۆدەکەنەو هەرەشەی مانگرتن دەکەن. هەوال گەنجان

7- زیاتر لە 2000 دوو هەزار قوتابی و 50 مامۆستا لەقوتابخانەی زۆزك و میدیا و هەواری شار لەسلیمانی بەهۆی نەبونی بیناوە لەدەواجنی مریشك بەخیوکردندا وانە دەخوێنن. هەواڵ گەنجان

8- لەماوەی دوو مانگدا، مانگەکانی 8 و 9 ی 2006 دا زیاتر لە800 گەنج لەکوردستانەوە لەریگەی مەرزی کانی زەردو دۆلەتوو کوردستانیان بەجێهیشتوەو بەرەو ناو ئیران بەمەبەستی کۆچ بۆ هەندەران رۆیشتون، بەگویرەی ئەو راپرسیەی کەبزافی ژیان لەهەولیر ئەنجامی داوە لە85% گەنجان بەهۆی نارەزایەتیان لەگوزەران لەکوردستان و بونی گەندەلی ئەگەر هەلیان بۆ ریبکەویت بەنیازی کۆچن بۆ هەندەران. هەواڵ گەنجان

9- رۆژی 9/17 تویژەرە کۆمەلاتیی و دەرونیەکان یاداشتیکیان ئاراستەی سەرۆکی حکومەت کردوەو سی رۆژ مۆلەیاتیان داوەتە حکومەت کە تیایدا داوای مافەکانیان دەکەن، لە دەرمالەیی پیشەیی و هاتۆچۆ بۆ تویژەرەکان. هەواڵ گەنجان

10- لەچەمچەمال لەگەل دەستپیکردنی دەوامی قوتابخانەدا لەسالی نویدان یەکەمین قوناغی جیاکردنەوەی قوتابیانی کوران و کچان دەستی پیکردوە. هەواڵ گەنجان

11- ژمارەی پۆلیس کەدەست لەکار دەکیشنەوە بەهۆی خراپی باری گوزەرانیان لەکەمی موچەو نەبوونی پشووەوە لەزیادبوندایەو بەوهۆیەوە ژماریەك لەپۆلیس لەبەریوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران دەستیان لەکار کیشاوەتەوە، هەروەها لە ماوەی حەوت مانگدا لەسلیمانی 307 پۆلیس دەستیان لەکار کیشاوەتنەوە. هەواڵ گەنجان

12- لەشاری سلیمانی 40 قوتابی بەهۆی گەورەیی تەمەنیانەوە لەقوتابخانەی رۆژ وەرناگیرین و لەقوتابخانەی ئیوارانیش جیگەیان نابیتەوە. هەواڵ گەنجان

13- فەرمانبەرانی پەروەردەی هەلەبجە رۆژی 9/18 دەستیان دایە مانگرتن بۆ داواکاری زیادکردنی موچەو دابینکردنی پاسی هۆتوچۆو زیادکردنی رۆژی پشوو. هەواڵ گەنجان

14- رۆژی 9/18 تەواوی فەرمانبەرانی زانکۆی سلیمانی لەبەردەم هۆلی راپەرینی زانکۆ دەستیان دایە مانگرتن، بۆ داواکاری زیادکردنی موچەو پیدانی پارچە زەوی بە فەرمانبەران، ئەمە هاوکات بوو لەگەل سەردانی وەزیری خویندی بالا بۆ زانکۆ. هەواڵ گەنجان

15- رۆژەکانی 17 و 18ی 9ی ئەمانگە فەرمانبەرانی پەروەردەی سلیمانی و گەرمیان دەستیان کرد بەمانگرتن بۆ زیادکردنی دەرماڵەو رۆژی شەممەش بکرێتە پیشوو. هەواڵ گەنجان

16- رۆژی 9/20 بەریوەبەری قوتابخانەی ناوەندی بۆتی لەرانیە زللەیەك دەدات لەگوێی قوتابی ریبوار نوری کەدەرچوی پۆلی شەشەمی سەرەتاییەو پیشوازی سەرەتای ساڵ و ناوەندی بەوشیوەیە لیدەکریت و پەردەی گوێی دەدرێنی. هەوال کوردستانی نوی

17- رۆژی 9/16 زۆربەی مامۆستایانی ناوچەکانی کوردستان دەستیان دایە مانگرتن، ئەمە بەدوای ئەو ئەو بەیاننامەیەدا دیت کە رۆژی 9/13 کۆمەلەی مامۆستایانی سەربەخۆی گەرمیان داوای مانگرتنی گشتیان کردوەو بەدوایدا 131 بەریوەبەری قوتابخانە لەسنوری گەرمیاندا بریاری مانگرتن

دەدەن و لە 16 مانگدا ئەم مانگرتنە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەگریتەوە، بۆ باشکردنی ژیانی مامۆستایان لەزیادکردنی موچەو سەرفکردنی دەرمالەی پیشەیی و هاتاوچۆو خیزان. هەواڵ گەنجان

18- بەریوەبەرایەتی پەروەردەی سلیمانی بەپیی نوسراوی ژمارە 28750 کەلەرۆژی 2006/9/4 دەرچوە، گشت باخچەکانی ساوایان و قوتابخانەو خویندگەکان ئاگادارەدەکاتەوە، کەهیچ دەزگایەکی راگەیاندن حکومی و ناحکومی بۆیان نیە سەردانی ئەو شوینانە بکەن بەبی ئاگاداری و رەزامەندی پەروەردەی سلیمانی. هەواڵ گەنجان

19- گەنجانی ناحیەی شۆرش هەرەشەی خۆپیشاندان دەکەن، لەبەرامبەر کەمکردنەوەی کارەبا لەمانگی هەشت و ئاورنەدانەوەو پیشت گوی خستنی داواکارییەکان کەلەخۆپیشاندانەنکانی ئەم دواییەددا خستبویانە بەردەم حکومەت، کۆمەلەی فرمیسک کەکۆمەلیك گەنجی ناحیەی شۆرش دایانمەزارندوە دەسەلاتدارانی ئەو ناوچەیە ئاگادار دەکەنەوە، بەلام دواتر لەترسی خۆپیشاندان ئاسایش دەنرینە ئەو ناچەیە... هەواڵ گەنجان

20- لەئاکامی کیشەی کوتلەکانی ناو یەکیتی نیشمانیدا، لەهەلبژاردنەکانی مەکتەبی ریکخستنی یەکیتی نیشتمانیدا رۆژی 9/24 لەگۆپالەی نزیك دەربەندیخان کەسێك دەکوژرێت و 2 کەسی تریش بریندار دەبێت، ئەم کیشەی کوتلانە لەناوچەکانی تردا بەرچاو دەکەون. کوردستان نیوز

21- ئیوارەی رۆژی 9/22 نەقیبیکی پۆلیس لەچیای ئەزمری سلیمانی هیرش دەکاتە سەرخیزانیك کە بۆسەیران چوبونە ئەو جیگەیە و دەستدریژیان دەکاتە سەرو بەدەمانچە تەقەشیان لیدەکات. کوردستان نیوز

22- رۆژی 9/18 رۆژنامەنوس دەشتی ئەنور لەسەر نوسینی وتاریك لەدوا ژمارەی هەوالدا بەناونیشانی ئەگەر کوردستان ببێ بەدوبەی ئەبی قایمقامی کەلار بگۆردری، لەلایەن قایمقامی کەلارەوە داوایەکی یاسایی لەسەر تۆمار کراو دەستگیرکرا. هاولاتی 9/21 هەوال هاولاتی

23- فایەق گولپی، سەرۆکی پارتی چارەسی دیموکراتی کوردستان لەلایەن ئاسایشی سلیمانیەوە دەستگیر دەکریت، قەراربوە ئەندامانی ئەو پارتە رۆژی 9/13 لەبەردەم پاریزگاری سلیمانیدا مانیان گرت. هەوال هاولاتی

24- پاش 75 رۆژ دلشاد عەلی ێالح پەرپرسی بارەگای هەولیری پارتی چارەسەری و ئەندامیکی ئەو بارەگایە بەناوی یوسف موسای ئەندامی بەریوەبەرایەتی ئەو بارەگەیان گرت رۆژی 9/18 لەئاسایشی هەولیر ئازادکران، ئەمە دوای ئەوەی لە 7/2 دا بارەگاکەیان دادەخەن و دەیانگرن، بەلام بەبی مەحکەمەو بریاری دادوەریش ئازادکراون. هەوال هاولاتی

25- لەهەلەبجە هەولی سوتاندنی دوکانیکی مەشروب فرۆشی دەدریت، نەوزاد عەبدولرەحیم خاوەنی فۆشگاگە وتی کە هەولی سوتاندنی دراوە بەلام تەنها ناو دوکانەکە رەش بوەو نەیانتوانیوە بیسوتینن و وتیشی لەسەرتای مانگی ئازاردا هەمان هەول دراوە. هەوال هاولاتی

26- عومەر فەتاح سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی وەزیران – سلیمانی لەیەك رۆژداو بەهەشت بریاری جیاواز، بری 145 دۆنم و 89 ئۆلك کەدەکاتە بری 371. 400 م (سیسەدو حەفتاو یەك هەزارو چوارسەد مەتردوجا) زەوی کەرۆژی 2006/1/9 ئیمزای کردوە لەسەر تەلەفزیۆنی خاك تاپۆ دەکات. هەوال هاولاتی

27- بەپی نوسراویکی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە 1250 رۆژی 2006/5/2 برایەکی سەرکیس ئاغاجان وەزیری دارایی حکومەتی هەریم بەناوی ئیدریس ئاغاجان مامندۆ پارچە زەویەکی بەرووبەری 943. 07 مەترە دوجا بەژمارە 685/9 ك 44 و لەسەریشی تاپۆ دەکریت، بەبی بەرامبەر وەرگرتوە. هەوال هاولاتی

28- لەسەر داوای بارزانی سەرۆكی هەریمی كوردستان و بەبریاریكی مەكتەبی راگەیاندنی پارتی، كەنالی زاگرۆس پەخشی سلیمانی، لەسەر بلاوكردنەوەی یادكردنەوەی رۆژی 31ی ئاب بۆماوەی هەفتەیەك دادەخریت. لەژمارە 93 ی رۆژی 9/4 رۆژنامەی چاودیردا لەلاپەرە یەكدا وینەیەك بلاوكرابۆوە كەیەكیك لەبرگەكانی تیكستی كەنالی زاگرۆس بوو، لەبرگەی لەرۆژیكی وەك ئەمرۆدا نوسراو بوو " ئازادكردنی شاری قەلاو منارەو پایتەختی كوردستان لەلایەن پارتی دیموكراتی كوردتسان لەدەستی ینك

29- لەدوای ئازادكردنی دەستگیركراوەكانی دەربەندیخانەوە، زیاتر لە 30 كەس داوای یاسایی لەسەر بەریوەبەری پۆلیس و ئاسایشی گەرمیان تۆمار كردوە بەتۆمەتی گرتنی نارەواو بریندارکردنیان لەكاتی خۆپیشاندانەكاندا. كەمپینی نیشتمانی كەلە 43 پاریزەرو چەند رۆشنبیریكی تر پیكهاتون پالپشتی و هاوكاری خۆیان بۆ ئەم داوا یاساییە دوپات كردوە.

30- رۆشنبیرانی شاری خۆرماڵ بۆ نارەزایەتی دەربرین لەبەرامبەر نەبونی خزمەتگوزاریەكانی سوتەمەنی و كارەبادا، لەخورمالەوە 25 كیلۆمەتر بەرەو هەلەبجە دەبرن بەریپیوان بۆ بەردەم نوسینگەی پەرلەمانی كوردستان. هەوال هاولاتی 8/30

31- بارەگاكانی پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان دادەخریت، بەپی قسەی فایەق گولپی سەرۆكی ئەو پارتە، بارەگاكانیان لە هەولیرو دهۆك داخراوەو رۆژی 8/20 لەلایەن پاریزگاری سلیمانیەوە بەرەسمی داوای داخستنی بارەگاكەیان لەسلیمانی كراوەو هەروەها وتی ئەم بریارە دوای 50 رۆژ دیت بەسەر داخستنی بارەگای هەولیریاندا و وتی ئەمە دریژەی سیاسەتی پارتی و یەكیتیە بەرابەر بەپارتی چارەسەر...، وە لە 8/26 یشدا پۆلیسی رەسافە چونەتە سەر بارەگاكانیان لەبەغداد و داویان لیكردون داییخەن. هەوال هاولاتی

32- بەدوای بلاوبونەوەی فایلدارەكانی سەر بەرژیمی بەعس لەریزەكانی حیزبەكانی بزوتنەوەی كوردایەتیدا بەتاییەت یەكیتی و پارتی، زەختیكی كە بۆ سەریان هاتوەو دەیانەوی خۆڵ بكەن چاوی خەلكەوەو هەر زۆریك لەسەرانی ئەو حیزبانەو ئاسایشی سلیمانی دەكەونە پاكانە بۆ ئەو فایلدارانە.
2006/9/29